# عەلمانیەت

## ( ئایا جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت دژایەتی ئیسلامە
## یان پاراستنی ئازادی ئاینەکانە؟).

مەحمود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com

**بەشی دووەم**

هیچ وڵاتێک یان کۆمەڵگەیەک لەم ڕووی سەر زەمینەدا نییە کە فرە ئاین و فرە موقەدەسی تێدا نەبێت، هەر گرۆپیکیش یان کۆمەڵێک، کۆمەڵێ بیر و باوەڕ و چەمکی هەیە پەیوەست بە ئاینەکەی، هەموو لاینگرانی ئەم مەزهەبانە هەوڵی ئەوە دەدەن نامەکەیان وەک دەستوور یان لە ڕێگەی دامودەزگای دەسەڵاتەوە ئاڕاستەی خەڵک بکەن و کۆمەڵگە ڕێکبخەن لەسەر بنەمای چی لە دەقەکانیاندا هاتووە. و باس لەوە دەکەن چۆن دەقەکانیان لەسەروەوەی توانای ئینسانەکانە و لەسەروەوەی ڕەخنەیە و بەرنامەیەکە کە بۆ هێزی نادیار ملکەچ دەبێت، و پێوەندی بە زەمەنەوە نییە و بگرە لای ئەوان زەمەن وەستاوە و مەعریفەیش هەمان مەعریفەی پێش هەزارەها ساڵە، و ئەو دەقانە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پێیە بەڵام بە چارەسەرێکی کۆن و لە ڕوانگەی زەمنێک نەگۆڕ. بۆیە هەریەکێ لەو گروپانەی سەر بە ئاینەکان هەوڵدەدەن ئاینەکەیان، موقدەسەکەیان، مۆراڵەکەیان( بەپێناسەی خۆیان بۆ مۆڕاڵ) سەرچاوە ئیلاهییەکەیان، سستمی پەروەردەیان بۆ خەڵک بچەسپێنن، و ئەگەر زۆرینە بن ئەوا بە ڕەوای دەزانن کە دەسەڵاتدار بن و نەفی هەموو بەشەکانی تر دەکەن و سەدان نموونە دهێننەوە و دەقەکان پشتی ئەم تەفسیرانە دەگرێتەوە(ئەلێرە باسێ ئەو دەقانە ناکەم لە هەموو ئاینەکان کە باسی دەسەڵاتی خوا ئەکەن و نەفی هەموو ئاینێکی تر دەکەن، هەروەها باسی ئەو دەقانەیش ناکەم کە هەموو ئاینێ دەقەکەی بە دەقێکی نەگۆڕ دادەنا و دەبێت هەموو ئیتاعەتی بکەن) و ئیمانیان وایە کە دەقەکان بە نووسراو و سەرزاریان بۆ ڕزگارکردنی بەشەرییەت هاتووە و خۆیان بە تاوانبار دەزانن ئەگەر خەڵکی ڕێنمای نەکەن بۆ پەیوەستبوون بەمەم خیتابەوە. کەوابوو ئەگەر زۆرینە بن دەبێت دەسەڵاتی توند وتیژی، دەسەڵاتی موقەدەس، دەسەڵاتی یەک ڕەنگ، دەسەڵاتی کۆن و دەسەڵاتی دەق حوکم بکات، ئەگەر کەمینە بن ئەوا بە زۆری لایەنگری جیابوونەوەی ئاینن لە دەسەڵات. نموونەش زۆرە لە واقعدا.

هیچ کات نە ئیسلامییەک، نە ئێزیدییەک. نە کرستیانێک، نە یەهودییەک، نە کاکاییەک، نە سابیئەیەک، ئامادە نین ئیمانیان بە موقەدەسی ئاینەکەی تر هەبێت و ئەگەر کەمینە بن ئەوا ئارەزووی ئەوەن کە ئاین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە و هیچ موقەدەسێک یان دەقێکی تر لەدەرەوەی سەرچاوەی باوەڕیان نەبێتە سەرچاوەی دەستوور، ئەگەر وا بووایە خۆ ئاینەکەی خۆیانیان دەگۆڕی. کەوابوو ئەمانە خۆ بێدین نین یان بێخوانین کە خوازیاری جیابوونەوەی ئاینن لە دەوڵەت. ئەمەش هەمان شتە کە ڕەنگە ئیسلامی بێت و ئیمانی بە عەلمانیەت هەبێت ، سەرەڕای ئەمانە لە هەر کۆمەڵگەیەک هەزارەها کەس هەن ئازادی خوازن، عەلمانیەتیان پێ باشە، خۆیان بە بێئاین و بێئیمان دا دەنەن، بەڵام سەروسیمایان لە ناو کۆمەڵگە دەرنەکەوتووە وەک گروپ، لەبەر ئەوەی ئازادی بە فراوانی جێکەوتەی نەبووە و دەکەونە بەر هێرشی توندڕەوەکان.

دیقەت بدەن لە هیندا بەقەت هەرچی کوردی سەرزەوی هەیە ئیسلامی تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئاینی دەسەڵات، ئاینێکی ترە و یاخود ئاینێکی تر زۆرینەیە، ئیسلامییەکانی هیند

جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت بە باشتر دەزانن لەوەی کە ئاینێکی تر سەرچاوەی دەستوور بێت بۆ هەموو کێشەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەو مەختوتاتانە کە لەقەدەرەوە سەرچاوە دەگرێت.
نامۆیی لەوەدایە ئەوانەی باس لە دژایەتی عەلمانیەت دەکەن و بەخەتەری دا ئەنەن بۆ ئاین و و بەتایبەتی بۆ ئاینی ئیسلامی، ئەم دەنگانە تەنها لە ناوی وڵاتە ئیسلامییەکان و لە کورستانە، بەڵام ئەوانەی کە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ژیان بەسەر دەبەن بە هەموو ئیمانی سادەیان و هەموو ئەوانەی کە لە ڕەوتە ئیسلامییەکاندا کار دەکەن یان لە بەشێکی دامودەزگای ئیسلامی کار دەکەن، هیچ کات دژ بە عەلمانییەت نین وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی خەڵک مەسیحین. ئەگەر هەندێ ناڕازی دەربڕن، بۆ هەندێ مەسەلەی ترە نەک لەبەر ئەو هۆیە کە ئاین لە دەوڵەت جووداکراوەتەوە، و هیچ کات عەلمانیەت ناگۆڕنەوە بە دەستوورێک کە سەرچاوەی مەسیحی بێت کە زۆرینەشن.
لەم وڵاتانەدا وەک هۆڵەندا کە من فەردێکم لەم کۆمەڵگەیە، عەلمانیە، بەڵام ئیسلامییەکان بەهەرەمەندن لە دەزگای جوراوجۆریان، مزگەوتی گەورەیان، کەلتووری ئیسلامیان، ڕادیۆ و چالاکییەکانیان، هەموو ئەمانە پارێزراوە، ئەوەندە لێرە ئازادن لە وڵاتە ئیسلامییەکان ئەم ئازادییە نابینن. ( لە هۆڵەندا شیعەکان مەراسیمی خۆیان دەگرن لە شارەکەندا شیوەنی حەسەن و حوسەین دەکەن کەچی لە زۆر وڵاتانی ئیسلامی قەدەغەیە، هەروەها پەیوەست بە ئاینەکانی ترەوە) هەرچەندە تێبینیم هەیە لەسەر ئەمە.
مەسەلەیەکی تر، شەڕەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ مەسەلەی جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت دەگێڕنەوە، هەر هەمان تێڕوانینی عەرەبە ناسیونالیستەکانە کە هەرچی لە نووسین و لە کردار دەگێڕنەوە کە سەهێۆنیزم لە پشتی ئەوەیە، تەنانەت دژ بە عەلمانیەکانی وڵاتانی عەرەبی، یان تەنانت دژ بەو ڕۆمان و چیرۆک و ئەو شیعرانەن کە ڕەخنەیان هەیە لە دەسەڵات و ئاینی ئیسلامی. ئەمریکا لا بەر بەرژەوەندی خۆی دۆستی نەگۆڕی سعودییە ئیسلامی عەرەبییە و مەعلوومە چی دەسەڵاتێک لە سعوودیە حکوم دەکات.

جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت هەوڵێکە و چەمکێکە دەبێتە تەهمیشکردنی دەسەڵاتی ئاینی و نائامادەبوونی هێزی دەبێت لە دەسەڵاتدا، بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامیدا. بە باسکردنی جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت،ئیسلامییەکان و ڕەوتە ئیسلامییەکان وا ڕوونی دەکەنەوە کە عەلمانیەت دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئاینی ئیسلامی، دژایەتی ئیمان و خواپەرستییە، گۆڕینی مزگەوتە ، ڕەنگە دووریش بڕۆن و بڵێن ئازاردان و زیندانی کردنی خەڵکی موسڵمانە بە شێوە تەقلیدییەکەی.. ئەمە لە ئەنجامی چییەوە هاتووە، ئایا بەڕاستی جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت دژ بە ئیسلامە یان ڕێزگرتنی ئازادییە؟ بۆ ئەم تەوەجووهە زاڵە لە کوردستان و زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان؟ دەسەڵات ڕۆڵی چییە لەم کێشمە کێشە؟: یەکەم: خەڵکانێکی زۆر لە سەر کارتێکردنی ڕەوتە ئیسلامییەکان خیتابی عەلمانییەتەکان بە توند وتیژ ناو دەبەن، چونکە ئەوەندە لێکۆڵینەوە نەکراوە و ئەگەر لێکۆڵینەوەو باسکردن لەسەری کرابێت، بەڵام نەهاتووەتە ناو کۆمەڵگە وەک چەمکێک، و ئەگەر توند و تیژیی هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گروپە توندڕەوانەی ئیسلامی کە فەتوای کوشتن و سڕینەوەی هەموو لایەنێک دەدەن کە پەیوەست بێت بە شارستانییەتەوە. دووەم: دەسەڵات بۆ خۆی نە لە میدیاکانەوە بە شێوەیەکی زاستیانەو و بە بەرنامەوە بە گوێرەی پێویست باسی ناکات و ئەرزییەتی بۆ خۆش ناکات، لەگەڵیدا یارمەتی هەر چەمکێکی ئاینی دەدات ئیتر چی وەک چاپەمەنی یان بوونە ئاینییەکان وەک سیمایەکی دەسەڵات، و لە باری کۆمەڵایەتییەوە پلە وپایەیەکی زۆری داوە بە کەسانی ئاینی کە

لەسەرەوەی یاسا بێت وە نموونە زۆرە بەڵام ئێرە کاتی نییە. سێیەم: ڕۆڵی ئەحزابی ئیسلامی، کە لە بنەڕەتدا لە ژێر تەئسیری ئیسلامی ناوچەی عەرەبییە و دەزانن بە جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت زۆرێک لە فروانایان و دەسەڵاتیان لەدەست دەدەن. بۆیە بە هەزار شێوە دژایەتی دەکەن ( بەتایبەتی لە ناو خەڵکی ئاسای و ئەوانەی کە دوورن لە سیاسەت، گوایە عەلماییەت هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی ئیسلام. ئاستی نەخوێندەواریش و کێشە کۆمەڵاتییەکانیش ڕۆڵی خۆیان هەیە.

بە باسکردنی جیابوونەوەی ئاین لەدەوڵەت ڕووبەڕووی چەند گروپ و کەسانێکی تر دەبیتەوە، کە بە شێوەیەکی تر دژ بە جوودای ئاین لەدەوڵەتن:

1_ ئەوانەی کە لە بواری ڕۆشنبیری و دەزگاکانی دەربڕین کار دەکەن و پێناسەیەکی تایبەتیان داناوە بۆ عەلمانییەت بەڵام بە بێ جیابوونەوە ئاین لەدەوڵەت ( ئەمە لەگەڵ سەرەتاییترین بنەماکانی عەلمانیەت ناکۆکە و دابڕانی جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت لە عەلمانیەت، وەک چەمکێکی بەتاڵ دەمێنێتەوە، چونکە نە عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە عەلمانیەتەوە و نە یەکسانی و نە ڕزگارکردنی میلەتان و مافی نەتەوەکان، بەڵام دەتوانێ ڕیگە خۆشکەر بێت بۆ ئازادییەکی بەرفراوان،) .

2_ ئەوانەی کە باس لە حاڵەتێکی تایبەتی دەکەن، گوایە کەس ناتوانێت بێ ئاین بژێت و ئاین ئیسلامی بووەتە بەشێکی روحی لەم وڵاتە و لەم کۆمەڵگە. ( ئەگەر نەختێ سەیری دەقەکانی ئاینەکانی تر بکەین یان لە شێوەی موخاتەبەیان بۆ فراوان کردنی گۆڕەپانی ئاینەکەیان، ئەوەندە مەسیحی باس لە ڕۆح و پەیوەست بوون بە خودی خۆتەوە بۆ نزیک بوونەوە لە خودا بە بێ ئەوەی باس لە کێشەکان بکات، ئیسلام ئەوەی تێدا نییە( تەنها لە دەقەکانی مەکە بوونی هەیە پێش ئەوەی دەسەڵاتیان هەبێت،) ئاینی بووزی هەر باس لە پاککردنەوەی نەفس دەکات، هندۆس و ئەو بەشەکانی تر هەروەها، وە لە ئیسلامیش زۆرترن، بەڵام جیاکردنەوەی ئاینیان لە دەوڵەت پێباشترە.